# حكومەت و گەرمیانییەكان
# بەبیانووی ڕێپێوانەكەی 9/7

مەجید سالّح

لەوەتی من ئەم گۆشەیە دەنوسم هاواری ئەوەمە حكومەت تاكەی جیاوازی ئەكەیت لە نێوان سەنتەرو كەنار؟تاكەی لایەك بەلای كێشەكانی گەرمیانییەكانەدا ناكەیتەوە؟ نوسیومە بێزاری لێرە گەیشتوەتە رادەی تەقینەوە،وخەڵك دەپرسن تاكەی خزمەتگوزارییەكانی حكومەت بەپێی قوربانییەكانمان نییە؟

گومانم لەوە نییە كە دەیان كەسی تر ئەو بێزارییەی گەرمیانییەكانی بە گوێی حكومەتدا داوە،حكومەت بریاری كۆنگرەی ئاوەدانكردنەوەی گەرمیان دا،كەچی دیسانەوە خەفڵەت دایدەگرێت وحساب بۆ خواستی ئەم خەڵكە چەوساوە ناكات. بۆ؟وەڵامەكەی لای خۆیانە.

دواتر جامی سەبری گەرمیانەكان پڕدەبێت و لە 9/7 خۆپیشاندان بۆ بەردەم قائیمقامیەت ساز دەكەن.لە بەر بێ دەسەلاتی و نەبوونی وەڵامی گونجاو بۆ خەڵكەكە، ئەویش بێدەنگی بەباشتردەزانێت و شەڕە گولە وبەرد دەست پێدەكات، ودیسانەوە گەرمیانییە پۆلیسەكان كە ئەوانیش وەك خۆپیشاندەران هەمان كێشەی سووتەمەنی وئاوكارەبایان هەیە، بەردەبنە گیانی كەسوكارەكانی خۆیان و هەندێكیان لێ بریندارەدەكەن وئەوەشی دڵی نایەت تەقە بكات، بە بەردی براكانی سەروگوێلاكی دەشكێت.لە هەر دوو ئۆردوگاكەدا، ئەوەی زیانی لێدەكەوێت وئەوەی خەستەخانەكەی وپەروەردەكەی دەسوتێت هەر گەرمیانییەكانە. ئا لەم كاتەدا كە كار لە كارترازاوە،حكومەت دەكەوێتە خۆی و وەفیدێكی وەزارەتەكانی خوی دەنێرێت بۆ گەرمیان و بڕیاردەدات گەرمیانییەكان ببینێت و هەموو داخوازییەكانیان جێبەجێبكات وكارەباو نەوت وئاویان بۆ بهێنێت بە پەلەش كۆنفرانسی ئاوەدانكردنەوەی گەرمیان لە چوارشەمەی ئایندەدا ببەستێت!!! ئای چەند سەیرە! ئەرێ خۆ حكومەت پێشتریش دەیتوانی ئەو داخوازیانە جێبەجێبكات؟! ئەی بۆ نەیكرد؟! وەڵامی ئەمەشیان لای خۆیەتی.

ئێستا گەنجانی شارەكانی تری كوردستان لەوە گەیشتوون كە حكومەت تاكو زۆری لە سەر نەبێت حساب بۆ داواكارییەكانت ناكات.بۆیە بەئاشكراو نهێنی كەوتونەتە خۆ ڕێكخستن بۆ گوشارخستنەسەر حكومەت، ئەو حكومەتەی هەمووڵایەك بە رەنجی خۆیانی دەزانن و كاتێك دێتەسەر دەنگدان هەموو بە واجبی نەتەوەی خۆیان هەڵدەستن كەچی كاتێك یێتە سەر واجبی حكومەت خەوی خەفڵەت دەیباتەوە.

پرسیارەكە لەوەدایە ئایا حكومەت ئاگای لە شەقامی شارەكە نارەكانە یان نا؟ ئایا رۆژنامە دەخوێنێتەوە یان نا؟ یاخود هەر لە خەمی سلێمانی وخەڵكی شارە حەیاتەكەیە.